www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

# خەوێک

## بابەتێکی دەروونی وکۆمەڵایەتی

نوسینی ( هێمن عومەر )

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

## سەرەتایەک

ئەوچەند لاپەڕەیەی کە نوسیومە تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسانەیە بەرامبەر بەژیانی مرۆڤایەتی لەو دیوە تاریکەی کە مرۆڤەکان بە مامەڵەیەکی نا ئینسانیانە مامەڵە دەکەن سەبارەت بە فریودانی یەکتری و چاڵ هەڵکەندن بۆ یەکتری کە ئێستاکە لەکوردستاندا بەهۆیەوە کۆمەڵێک کەس دوچاری نەخۆشی دەرونی هاتووە بەهۆی بڵاوبونەوەی کۆمەڵێک دەرونی نەخۆشەوە کە لەنێوکۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی هەستی پێدەکرێتو لەنێو دام ودەزگا کۆمەڵایەتیەکاندا بەشێوەیەکی تایبەتی  وەک و ئیرەیي و دووڕويي و هەست کردن بەکەمی و خۆهەڵکێشان بەڕوخسارە مادیەکان، کە ئەمەشیان هۆکار گەلێکی زۆری لەدواوەیەو پێویستی بەخوێندنەوەی وردی کۆمەڵناسان و دەرون ناسان هەیە تاوەک و بە توێژینەوەی تیۆری و مەیدانی پەردە لەسەر ئەو نەخۆشیە دەرونیانە هەڵبدرێتەوە کە هەڕەشەیەکن بۆ لەیەک هەڵوەشاندنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لەکوردستاندا.

لەگەڵ ئەوەی نۆرینگەی دەرونی نیە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی هۆشیاریەکی زۆر کەمیان هەیە سەبارەت بە لایەنە دەرونیەکان بۆیەش خەریکە جەستەی ئەو کۆمەڵگایە ڕوخسارگەلێکی بە باق و برق دایدەپۆشێت و لە جەوهەریشدا پوچ و بێمانایە ، زۆرن ئەوانەی ئەمرۆکە خەریکی ململانێی ڕوخسارە مادیەکانن و خۆشیان و کۆمەڵێکی زۆریان دوچاری بێ بەهایي مرۆڤانە کردوەو هەموو مامەڵەیەکیان لەگەڵ مرۆڤەکاندا بەو دیوەیە کە قازانج لە شتە مادیەکاندا بکرێت کەسانێکی کەم تواناش خۆیان لەنێو ئەو پانتاییە بچوکەدا دەخوێننەوە. دوای ئەوەی گەنجێکم ناسی و هەستم بەوەکرد کە لەململانێیەکی توندی ڕوخساری شتەکاندایەو هەموو خوێندنەوەیەک بۆ کەسیەتی خۆی لەو مانایەدا لێکدەداتەوە، بەردەوام بووم لەگەڵیدا ئەوەبوو هەر جارێک کە دەمبینی  هەستم بە ڕوخانی ئەو کەسە دەکرد تاوای لێهات ئەو مرۆڤە بێتوانایە کەوتە ڕوخاندنی خۆی و هەموو شتێکی لەو نێوەدا دەبینی کەچی هەیە، مەبەستم ئەو ڕوخسارە مادیەیە کە کەسەکە خۆی تێدا دەبینی کە ئەویش

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

لەنێو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەدا بۆی دروست بوو  بوو کە بەهۆی کارەکەیەوە پەیوەندی تێدا دروست کردبوو.................................

دوای ئەوەی خۆی تەنها لەوشتانەدا دەبینی کە مادینوو دیوی دەرەوەی ئەون ، ئەوەبوو دوچاری کێشەیەک بوو لە خێزانەکەیدا بە هۆی برایەکیەوە کە نامەوێت زیاتر لەوە بڵێم ، دوای فرۆشتنی ڕوخسارە دەرەکیەکانی بۆ ئەو کێشەیە ئەو مرۆڤەی کە هەر نرخێک بۆ کەسیەتی خۆی لەو شتانەدا دەبینی ،هەموو هەڵسەنگاندنێکی بەو پێیە هەڵدەسەنگاند ،دوچاری گرفتێکی دەرونی ئاڵۆزبوو کە خۆی زۆر بەکەمتر لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی دەزانی و ئەو ڕەوشە زیاتر لەساڵێکی خایاند لەدواییدا  خۆی کردە قوربانی و گیانی لە ژورێکی ماڵەوەیاندا کردە خۆڵەمێش .

زۆرن ئەوانەی ئەمرۆکە لە کوردستاندا گرفتاری هەستکردن بەکەمی و دەرونی ئاڵۆز بوون هەربۆیەش بیرم لەوەکردەوە کە بابەتێکی چەند لاپەڕیي  بنوسم و هەوڵی بەردەوامی ئەو شێوە نوسینانە بدەم تاوەک و کەم تازۆرێک کەلێنێک لەو پانتاییە دەرونیە پڕبکەمەوە کەبەهۆی مرۆڤە گرگنەکانەوە وەک پەتایەک مرۆڤە بێ تواناکان دەکەنە قوربانی بێویژدانیان .

چیرۆکی خۆسوتاندنی ئەو گەنجە بەستەزمان و خۆش باوەڕە زۆر دورەو دەگەڕێتەوە سەر ژیانی سەرەتای منداڵی کەلەلایەن خاڵەکانیەوە بەخێو دەکرێت و باوکی بەرلە هەلاتنی چاوەکانی ئەو مرۆڤە، بە هەژاری و نەبونیەوە دایکی و چوار منداڵ بەجێ دەهێڵێت .

بەرلەوەی خواحافیزی یەکجارەکی بکات  لەبیرمە کە چەند جارێک بینیم و قسەی دڵی بۆدەکردم پێی وتم خۆزگە هەموو کەسێک منی خۆش دەویست چونکە من ڕقم لەکەس نابێتەوە، ئەوانەی کە حەزدەکەم بدۆڕێن لەبەر ئەوەیە کە حەز بەسەرکەوتنی من ناکەن .

ئەو نوسینانەش بە ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە نوسراوە کە هەست بە  کەمی دەکەن و پێیان وایە مرۆڤ بێ بەها دەمێنێتەوە کاتێک ڕوخسارەکانی لەدەست دەچێت یاخود ناتوانێت بەدەستیان بهێنێت بەوهیوایەی سودێک بگەیەنم.

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

## خەوێک

شەوێک لە تەمەنی هەرزەکاریم ، دوای ئەوەی منداڵێکی لاسارو زۆرهارو هاج بووم ، وەک بڵێت مژدەی تەواو بوونی تەمەنی منداڵیم پێ بدرێت لە خەوێکی زۆر ڕووناکا ئێستاش لە گێڕانەوەیدا مووچوورکەم بە گیاند ا دێت .گومانم هەیە کە ئەو خەونە خەون بووبێ بەدەستی پیاوێکی زۆر جوان تاجێکی زێڕم لە سەر دانرا هەر لەبەیانی ئەو شەوەوە چیتر خۆم بە منداڵ نەدەهاتە بەرچاو ، خۆم لە هاورێ منداڵە کانم دەدزیەوە . هەر لەو ڕۆژە شەوە لە مانای ووشەی هیواو ئامانج تێگەیشتم وخۆم لە ناخی خۆمدا هەڵ بژارد ببم بە سەرکردە . خووم بوو بووە خویندنەوەی چیرۆکی پاڵەوانان ومرۆڤانی گەورە، تا ئەو کاتەی گەورەبووم لە تەمەنی ( **نۆزدە** ) ساڵیم کە پۆلی پێجەمی وێژەیی بووم لەخویندنی مێژوویی ئەو ساڵمدا کاتێ باسی شکانی ( **ناپلیۆن**)ی کردو بردیان بۆدوورگەی(**هێلانە**)تەواو چاوم پربوو لە فرمێسک وخۆم بۆنەگیرا،لەگەڵئەوەشدا ڕقم لەو پەلامارو ئازاردانەی خەڵکی دەبووەوە کە بەناوی ئازادی یەوە ناپلیۆن کردبوونی بۆیە گاندیم بەسەرکردەیەکی گەورە لەهەموو سەرکردەیەک دەهاتە بەرچاو چونکە لە بونایەتی ئەو دا ویژدانێکی زۆر گەورەت دەخوێندەوە بۆیە زیاتر لە تەمەنی منداڵیم ئاهم هەڵکێشا بۆگەیشتن بە دەسەلات و بوون بە سەرکردەیەکی بەویژدان تابەهۆیەوە بتوانم یارمەتی مرۆڤە بێدەسەڵاتەکان بدەم ........ هەمووئەوهەستانەی ناخم وایان لێکردم بگەڕێم بە دوای ئەو هۆکارانەی کەوا مرۆڤ دەگەیەنێت بە پلەی بەرزوگەورە . زۆر کتێب وسەرچاوەم دەربارەی گەیشتن بە سەرۆک وسەرکردەی سەرکەوتوخوێندوەتەوە

تاگەیشتم بەو باوەڕەی کەوا ئەو کۆمەڵگاو خێزانەی من تیایدا لە دایک بووم ئەو دەرفەتانەی بۆ ئەوان ڕەخساوە هەرگیز بۆمن نارەخسێ بەڵام هەردەست بەرداری ئەو ئارەزووە پڕ باوەڕەم نەبووم چونکە بەهۆیەوە زۆر ناخم پێ گەورە کردبوو لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گێلێکی بەختەوەر بووم هەستم دەکردئەو هیواوئامانجەم لە دە ڕوونما

دەمكات بە مرۆڤێكی پڕلە باوەڕ . ژیانێك لە بوونا یەتیمدا ( دەرونم) دا دروست دە كات بە قەبارەی ئەوەی سەركردەبم . هەر لە بەرئەوەش بوو ئەوخەونەم شەوانە لە ژێر جێگاكەمەوە دەكرد بەخەیاڵ ولە ئێوارەیەكی بەرەو تاریك بوون لەسەر تەختێكی بەرزەوە لە بەردەم ئاپۆڕای خەڵكا هاوارم دەكرد.......

**دەمووت**:- هەموو ~~جیهان یەك پارچە دەكەین بەولاتێك هەمووما~~ن لەژێریەك ئاڵا دا دەبێ بڕیار بدەین دەرونمان لە بەرامبەر بەیەك پاك دەكەینەوە ......
هەمووما ن دەبین بە مرۆڤی واقعیانەی راستە قینە..
مەنتقیانە بڕیار دەدەین كەوا بە راستی بڵین ڕاستەو بەخراپەش بلێن خراپە.
ئەگەربەرژوەندیشمان لە خراپەدابوو نەتوانین واقع نەبینین هەمووما ن دەگەرینەوە سەرەتای لە دایك بوونمان ، بەڕاستی
دەگرین و بەڕاستی پێ دەكەنین كا تێ برسیمانە وئازارمان هەیە دەگرین وكا تێ تێرین ودڵمان خۆشە پێدەكەنین چیتر گریا نی درۆو پێكە نینیی بەلێومان ناوێ چیتر لە ژێر پەردەی فرمێسكی ساختەو پێكەنینی هەڵ خەڵەتێن یەكتری فریوونادەین و چاڵ بۆیەكتری هەڵ ناكەنین هەمووما ن سەرەتایەكەی یەكەمی لە دایك بوونمان دەگەرێنینەوە مێژوو ئەمرۆ یە كە دەست پێ دەكات ئەگەرناتوانین ڕقەكانمان لەناخماندا فرێ بدەین واقعیانە دەبین بەرامبەر ڕقەكانمان. كەمنتان خۆش ناوێ لە ڕاستیدا ، لە بۆنەو ئەو كاتەی كە پێویستتان بە منە ماچم مەكەن ڕاستگۆبن بەرامبەر بەو ماچەی كە لەیەكتری دەكەن.
دەست لە دەستي یەك مەخەن بۆ پیلانی لەو دیوو وە دەست لە خوێینی یەك بخەن .

دەزانی من زۆر لەگەڵ خۆم ومرۆڤەكاندا بەڕقاچووم ، تەنانەت یاسای دڕندانەی ئاژەڵانم لە دارستاندا زۆر پێ جوانترە لەیاسای مرۆڤەكان چونكە یاسای ئاژەڵان ڕاستگۆیانەیە ، شێر دەبێت ئاسك بخوات

ڕێوی دەبێ کەروێشک بخوات ئەمانە یاسای سروشتن و دیاری کراون واتا هەر کاتێک ئاسکێک شێرێکی بینی ناچار ڕا دەکات وەهەر کاتێ کەروێشک ڕێویەک ببینێ ڕادەکات.

بەلاّم لەژیانە مرۆڤانەکەی خۆمان هیچ شێرو ڕیویەک دیار نی‌یە لە ڕووخساردا خۆی ئاسک نیشان دەدات لە ژێریشەوە وەک وڕێوی فێلت لێ دەکات .

دەزانی ئەگەر مرۆڤەکانیش وەک و دارستان ڕووخساریان ئاشکرا بوایە منیش وتۆش وەک وئاسک وکەروێشکە کە لە بەردەم دڕندەکان ڕامان دەکردو هیچ پێویستمان بە فێربوونی هونەری ژیان نەدەبوو هەر ئەلێرەشەوە من لە چەنەبازی قسەکانم دەکەوتم و نووسینەکانم بەکۆتا دەهات بەلاّم هەر ئەوەیە وای لە مرۆڤ کرد بلّێت (خۆزگە دووتەمەنم دەبوو تەمەنێکیانم بۆ ئەزموون وەرگرتن تەمەنکیا نم تیایدا ئەزموونەکانم بەکردار دەکرد بۆ ئەوەی ئەو تەمەنەیانم هیچ هەلّەیەک نەکەم وهیچ فێلّم لێ نەکرێ ) بۆیە منیش دەلّیم لە گەلّ یاسا دڕۆزنەکەی مرۆڤەکاندا بە ڕقاچووم. ئاژەلّەکان حەزو ئارەزووە ئاژەلّیەکانیان ڕەفتارو ئاراستەیان دەکات بۆ دژایەتی‌و زالّ بوون بەسەر یەکتریدا بەلاّم مرۆڤەکان لەگەلّ بوونی حەزوئارەزوە ئاژەلّیەکانیان عەقلّیشیان هەیە بۆپیلان و نەخشەی زالّ بوون بەسەریەکتریدا خوا عەقلی بەخشی بە مرۆڤ بۆ ئەوەی ویژدانی بۆ دروست ببێت و بەسەر حەزو ئارەزوە ئاژەلّیەکەی زالّ بێت کەچی مرۆڤەکان ئەمەیان بە دەسکەوت زانی بۆ فرت وفێلّ کردن لەگەلّ یەکدا بۆیە ئەگەر وابڕوات تاکە تاکە دەبینەوە بەئاژەلّ بەلاّم ئاژەلّێکی ( پڕچەک ) ی عەقلّ. ئەو ئاژەلّەی ڕۆحی مرۆڤانەی ویژدان لەدەست دەدات ڕووخسار دەپەرستێ و لە ناوەڕۆک ڕادەکات ، بێزار دەبێت و ڕق وکینە لە بەرامبەر بە ژیان وهەمووشتێ دروست دەکات تەنانەت شەڕ لەگەلّ خواشدا دەکات، هەموو ڕۆژێ پەشیمانە بەلاّم هەر هەلّەش دەکات دەگریت وناشزانێ‌چی‌گیری دەکاتەوە، دەبێت بە ئاژەلّ و لەگەلّ ئەوەشدا دەزانێ کە مرۆڤە، بەلاّم هەموو ناخی مرۆڤانەی خۆی لەدەست دەدات. هەروەک وئەو مرۆڤەی لێدێت کە چیرۆکێکی ئنگلیزی زۆر خۆشی بە دەستەوەیە بەلاّم زما نی ئنگلیزی نازانێ ئەو مرۆڤە چ تامێک لەو چیرۆکە دەکات ،وەک وبوونی ئەو کۆمپیوتەرە وایە کە هەمانە ونازانین چۆن کاری پێ بکەین بۆیە دەبێ مرۆڤبین هەر وەکو ئەوەی کە مرۆڤین دەبێ

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

جیهانی ڕۆحەکانمان بۆ ڕاستگۆیی بدۆزینەوە دەبێ لە بوونما ندا خـــاوەنی ویـــژدان بین دەبێ هونەری تامکردن لەژیان بدۆزینەوە دەبێ دەوڵەمەند بین لە دەروون و بوونما ندا ، نـــەک دەوڵەمەند بین لە مـــوڵـک و ماڵدا و بە تـــەواو بوونی موڵک وماڵمان هیچ نـەبین دەبێ بـــە دوای ئـــــــەو چەکانەدا بگەڕێین کە ناخمان گەورە دەکات نەک ئەو چـەکانەی کەوا ناخمان پوچ دەکات وفێری تـــەڵـــەکەبازیو درۆو ناپاکیمان دەکات دەبێ خاوەن بەڵێن و ڕێکەوتنەکانمان بین نەک لە ڕێگایانەوە پیلان بۆ خنکاندنـــی یەکتری لێبدەین .

نامەوێ لە نوسینەکانم وا ورد بیتەوە کەمن خـــاوەن بونێکی ڕاستەقینەم من وتۆو هەمووانیش لـــــە سەرەتای لە دایک بوونمان ئاژەڵ بووین هیچیشمان نەدەزانی بەڵام دەبێ ببین بەمرۆڤ بە مرۆڤێ کەعەقڵی هەیەو تەحـــەکوم بەسەر خۆیدا دەکات حوکمی ئاژەڵێکی دڕندە بە سەر ئەوانەدا دەر دەکات کە بە رووخسارمرۆڤن و کـــە چی لە لقی ئاژەڵە دڕندەکانن، ڕەنگە واتێبگـەی من لە ژیاندا هێندەی مرۆڤی گـــرگن وگـــلاوم بینیووە هێندە مرۆڤی گەورە و ناخ پاکم نەناسیووە . مەبەستی من ئەوەنـــیە مـن دەمـــــەوێ لە ڕێگای ئەزموون وژیانی خۆمەوە کەلێنێک کەم تا زۆر لە پانتایی ژیانت پڕ بکەمەوە کە مرۆڤە ئاژەڵەدڕندەکان نەتوانن لە و بۆشاییانەی من هەستم پێ کردن لە دەرگای مـــرۆڤ بوونت بـــدەن ، دڵنیاشم لەوەی مرۆڤە گـەورە ونـــاخ پاکەکان هیچ کاتێ لە بۆسەی چاڵ هـــەڵکە ندا نین . ئەوان نـــایانەوێت تۆ بـــدۆ ڕێت بە ڵکو چاوەڕێی ئەوەن چەپڵەی سەرکەوتنت بۆلێبدەن . مـرۆڤە گرگنەکانیش دە یانەوێ بە بـاق و بریق کردن و ڕازا ندنەوەی حەزو ئارەزووەکانی ئەمرۆ مەستت بکەن و بەیانیش ژەهری هەڵەکانت بخۆیتەوە. دە یانەوێ لە بوونتا بچوکت بکەن بۆ ئەوەی دەرونت پێ بدۆڕێنن ئەوکات جەستەو موڵک و ماڵەکانیشت بەردەستە ئەبن ، ڕەنگە ڕاستی لە دۆڕا ندا وون بـــێت بۆیە بەچیرۆکێک کە لە کتێبێک بە نـــاوی بـەختـەوەری کـە نـوسەرێکی ئـیسپـانی بـەنـاوی( فـێـرنـانـدۆ سـافـاتــەر ) نـوسیـوویـەتـی و لـــــە لایـەن ( عـــبـــدولـمـوئـمـن دەشـــــتـــی ) کـــراوەبـــە کـــوردی خۆیندوومەتەوە بەکورتی بۆت دەگێڕ مەوە .........کە دوو برا دەبن.... برای گەورە وبرای بچوک ، لە سـەر دەمی ئەواندا و

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

لــــه کۆمەڵگــای ئـــەوان ( نۆبەرە)واتــا کـــەسی یەکــەمی لە دایک بــوو مــافی هــەموو سەروەت وسامانی باوکی هەبوو. واتا دوای مردنی باوکی هــەمــوو سەروەت سامــانیان بــۆ بــراگــەورە کــە دەبێ . ئــەو بــرا گەورەیە خەریکی کاری ڕاوکردن دە بێت ، برا بچوکەکەشی لە ماڵەوە خەریکی کاری دەستی و کشتوکاڵ دە بێ ، ڕۆژێـکیان بــراگەورەکە لە ڕاودێتەوە زۆر زۆر ما ندوو برسی‌یە ئەو ڕۆژە هیچی دەست نە کەوتوو بوو، برا بچوکــەکەشی تەنهــا خــواردنی بۆ خۆی لێ ناوە کە خواردنێکی گەرمی زۆر بۆن خۆش وبەتامە، برا گەورە کــە زۆر لــە برا بچوکەکە دە پاڕێتەوە بۆئەوەی تۆزێکی بەش بدات بەڵام برا بچوکەکە ڕازی نابێت.بــەشەرتێک ڕازی دەبێ کە هەموو خواردنەکەی بەش بدات کە لە نووسراوێکا بۆ بـاوکیان بنوسێ کە لە دوری ئەوانە کـــەلـە هەموو سەروەت و سامانی نۆبەرەیی خۆش دەبێ بۆ برا بچوکەکــە . ئیتر چڵێسی و نەوسنی وای لـێ دەکات لە پێناویحەزو ئارەزووی برسیەتی ئەو کارە بکات سەرەنجـام هەموو ژیانی داهاتووی دەدۆڕێنێ بۆ تەنها ژەمێک رزگار بوون لە برسیەتی وتێرکردنی حەزو ئارەزووی نــان خــواردنی. زۆر شت هەن لە برسیتی زۆر سەرنجڕاکێشترن زۆر جوانن بە ڵام هەر کاتێ تێربوون ئەوا هیچ مانایەکیان بۆ نامێنێتەوە ، بۆیە دەبێ مرۆڤ جیا بێتەوە لە ئاژەڵ وبەفراوانبیر بکاتەوە وبە قوڵی بچێتە ژیانەوە ، ئەگـــەر نا زوو ژیان لەخشتە ی دەبات ،بۆیە دەبێ مرۆڤ بوونایەتیخۆی گەورە بکات ، بتوانێ زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەو شتە مادی وڕوخساریانەی کەدوای تێربوون لێیان هیچ مانایەکیان نی یە یاخود نەبونیشیان مرۆڤ بچوک ناکاتەوە ئەگــەر نــا پاشــەڕۆژی هەمان پاشە ڕۆژی ئەو برا گەورەیە دە بێ تەنها بە موڵـــک و سەروەت وسامانی نۆبەرەیی یەوە مرۆڤ دەبێ و گەورە دەبێ لە ناوەڕۆکیشدا دۆڕاو بەنەمانی شتە ڕوخسارەکیەکان هیچ مانایەک بۆ مرۆڤ بوونی نامێنێتەوە لەبەرئەوەی شایەنی ئەوە نەبوو کەوا ئەو موڵک و سەروەتە بۆ ئــەو بێت بە ڵکــو قابیلی برا بچوکەکەبوو کە ئامادە بوو ژەمێک برسی بێت تەحــەموول بکـات لـەپێناوی داهـاتوویـەکی باشدا، بۆیە ئەو مرۆڤانەی کەوا بە موڵک ماڵ وپلەی ناو کــۆمەڵگــایــان گەورەن کاتێ ئەو شتانە دەدۆڕێنن دەبینرێ چەندە پیس و پوچ وگرگنن ، خۆ ئەگەر برا گـــەورەکــە بە و شــتانەی بــۆی دەمــایــەوە گـــــەورە نەبوایە هەر لە ناخیا لە بوونیدا مرۆڤێکی گەورە بوایە ئەو کات هەرگیز لە فرســەتێـکی ئــاوا ئــاسانی برا بچوکەکەی ژیانی داهاتووی خۆی نەدەدۆڕاند بۆیە

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

ئەگەر مرۆڤ بەموڵک ومالّ و پلەکۆمەلایەتیەکەیخۆی لا گەورە بوو لاف وپۆزی بەسەرخەڵکەوە لێدا ئەوا ئەو مرۆڤە شایەنی ئەو موڵـک ومالّ و پلەکۆمەلایەتیە نییە لە بچوکترین دەرفەتا هەمووشتەکانی لە دەست دەچێ.

بە پێچەوانەوەی ئەو بـرا گـەورەیەش مرۆڤـانێک هـەن هێندە لە ناخا گەورەن وەک کوڕی ئە و باوکەن کە کاتێ باوکەکەیان هـەموو سەروەت و سامانی خۆی کەزۆر دەوڵەمەندبوو لەسەرەمەرگدا بەخشی بە خەڵکی کوڕەکانیش چـاوەڕێی بەشی خۆیان دەکرد وتیان ئەی بابە بەشی ئێمە وتی بەشی ئێوە لەناختانایە بەشی ئێـوە ( ئـومێدە باوەڕە بە ژیان ئـــێوە دەبـن بە دەوڵـەمەندترین مرۆڤی سەرووی زەوی ئەوانە هەر هەژارن کە بوونیان بێ باوەڕە دەترسن لەنەمانی سەروەت وسامانەکانیان ).

بوونایەتی گەورە ئەو کچەیە کە لە یەکێ لەڕۆژنامەکانی نـاوخۆ کوڕێـک چیرۆێکی واقعیانەیخۆی گێڕابووە وە ئەوکوڕە نوسیبووی( من لەگەڵ کچێکا یەکتریمان خۆش ئەویست هـەردووکمان زۆربەجوانی یەکتریمان ئەبینی

زۆر یەکیشمان لە لاگەورە بوو کچە کە باوکی نەمابوو تەنها خۆیو دایکی لەخانوویەکی کرێدا دەژیان کرێی خانوویان بە نان کردنی دایکی دەدا بۆ خەڵـک. کچەکەش لـــەگـەڵما لەزانکۆ بوو هەموو خەیاڵم لە تەواوکردنی زانکۆهێنانی ئەو کچەبوو بەوەی کەدایکیشی دایکی من بێت وەک و دایکیخۆم سەیری بکەم وماندووبوونی ئەو بخەمە سەر شانم خواکردی زانکۆم تەواوکرد بڕیـاری ئـــەوەم دا کە ئەو کچە بهێنم کە هێشتا کچە کە دوو سالّ لەخوێندنی زانکۆدا مابوو ڕۆیشتم بۆ داخـوازی کچەکە ، من خۆم باش دەمزانی ئەو ماڵە لە خوا بەو لاوە کەس ئاگای لێیان نییە ئەو شتانەم لە زمـــانی کـچەکـە خۆیەوە زانیبوو خۆی ڕاستگویانە هەموو شتێکی دەدرکاند . بەلام دوای داخوازیم بۆ کچەکە نازانم ئەو هـەموو مام و خالّ و پوور و نەنکەلە کوێوە هات هەرچی هەبوو خۆی ئەو کچەیە بەخێـوکردبـوو مـامـە بـەکچەکەی وتبوو( کچم کەسێکی تر نەبوو شووی پێ بکەی؟ ) خاڵە ( کچم دوای سـاڵێـکی تر ئەو کوڕە توک چییە بەسەریەوە نامێنێ ) نەنکە (گوێت نەبینیووە ئەڵێی سەری مەنـجەڵە) ، پـورە (ئـەوە کوردە وەڵا هـەر لـە دۆم ئەچێ ) ئیتر هەر کەسە و بە مەیموونێکی شوبهاند بووم.

ئەگەر گەورەیی ناخی کچـــەکـە نـەبـوایـە دایکیشی مـنی لـەبـەرچاو بوو بووە جنۆکە

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

و(بسم الله) ی لێ دەکردم. ئەمانە هیچیان نەیان تـوانی زەفـەر بـە نـاخـی کـچـەکـە بەرن ئەگەر هاوسەرایەتیەکەیان زۆر لێمان دواخست بەڵام ئێستا بەختەوەرترین وخۆشترین ژیانمان هەیـە خـاڵەو مـام و پور ونەنکەش کچە و دایکەیان لە بیرکرد ئەوەی ئێستا لە بیری ئەو کچە ودایکە دابێ هەر من وخوایـن.

ئەوەشیان نموونەی ناخی گەورەی مرۆڤێک خۆئەگەر ئەو مرۆڤەش لە ناخدا گەورە نەبوایە ئەوا ئەویش
ڕووخساری شتەکانی بە گەورە تردەبینی لە ناوەڕۆکی شتەکان و وەک وبرا گەورەکە ئەو کوڕەی دەدۆڕاند کە ئەو لە ناخا ئامادەی هەموو شتێک بووە بۆی.

## (باوەڕت بەخۆت هەبێ تۆش مرۆڤێکی گەورەی)

هەموو مرۆڤێک دوو هێز لە بوونیدا هەیە ( هێزێک بۆ ژیـان ) ( هـێزیـێک بـۆ مـردن ) هەر مرۆڤێک هێزی بەرەو ژیان بەرزبوو ئەوا ئەو مرۆڤە گەشبینەو کەم گللەییە لە ژیانی خۆی و دەتوانایێ تـام لـەژیـان بـکـات جۆری دووەم ( هێزێک بۆ مردن ) لە هـەر مـرۆڤێکدا بەرز بێت ئەوا هەمیشە ڕەش بینە و ڕقی لەبوونی خۆیەتی وزمان پر لە گللەییە لە ژیانی خۆی ئـەو مـرۆڤـانـەی نـاخ پـرلـە بـاوەڕن و هـەوڵی سەر کەوتن دەدەن و لە بیریاندا خاوە نی پرۆژەن ئەوا هێزێک بۆ ژیان هەمیشە ڕووڵە بـەرز بوونە ئـەو جـۆرە مرۆڤانە بیر لەوە ناکەنەوە چەند دەژین یان چەندیکە دەمرن بیر لـەوە دەکـەنـەوە ئـەوەنـدەی کە دەژی دەبێ سەرکەتووبێ هەو ڵدەدات ناخی زیاتر ڕاستگۆتر بکات و زیـاتـر واقـعیانە بژی نـەک بەهۆی ماددەی بێهۆشکەر خۆی لە ژیان گێل بـکات
.

گـرینگ نیـیە بـە ڕووخسار مـرۆڤ هـەر چۆنێکە گرینـگ ئـەوەیە کـە لە بوونیدا خاوەنی چ پـرۆژەیـەکە ئـەمـرۆ کـەس ڕووخـساری ئـەفـلاتـون و ئەرستۆ و ڤۆ لتێرو ڕۆسۆو زانایان...... نابینێ ئەوەی هەیە و ماوەتەوە ئەو شتانـە بـووە کـەلـە

www.kurdistannet.org
4-11-2005 22:38

بوونایەتیاندا جەوهەریان بووە و پێش کەش بە مرۆڤایەتیان کردوە.

گەورەیی وکەسایەتی مرۆڤ لەوەدایە کەلە جەوهەریدا گەورەو سەرکەتووە زۆر مرۆڤ هەن بە ڕووخسار گەورە وزرپەن کەچی لە ناوەڕۆکا پوچ وگرگنن زۆر مرۆڤ هەن بەڕووخسار جوان و بە جەستە ساغ وگورجن بە ناوەڕۆکیش بچوک و هیچن ئەو مرۆڤانەی بە ڕووخساری جەستەیي و توانا مادیەکانیان خۆیان لا گەورە بووە کە خۆیان خاوەنی نین بەڵکو خوا پێیدا وون دوورنیەیە لە چرکەیەکدا بەهۆی ڕوودانی کارە ساتێک گەورەییە بەناو گەورە ییەکەیان لە دەست دەن.دەزانی دوای ئەوە ئەو مرۆڤانەتەنها لەبیری خۆکوشتندان بەلاٌم مرۆڤە ناخ گەورەکان کارەسات وڕووداو چۆکیان پێدانادات ئەگەربشکەون کاتیەو سەرپێ دەکەونەوە گەورەکردنی ناخیش هەرئەوەندیەیە بڕیار دەدەم ناخم گەورە دەکەم. هەوڵە تێکۆشانە دەوڵەمەند کردنی دەروونە دۆزینەوەی دەروازەکانە بۆ گەورەبوون...... هەوڵدانە بۆفێربوون لەژیان تێگەیشتنەلەوەی کە بۆ دەبێ مرۆڤ ڕاستگۆ بێ ..... ویژدان چیە ؟.. پاکی وخیانەت نەکردن بەهاکانیچین.!بەدێبیرکردنەوە لەخوادەبێت مرۆڤ خۆی ببێت بەپادشایخۆی ، خۆی ئازاری خۆی بدات ، دەبێ ببیت بە سەرۆکیخۆت دادپەروەرانە حوکم بەسەر خۆتدا بدەی دەبێ بۆ هەر هەڵە یەکی ژیانت ئەزموون وەربگریت و تێربگریت نەک خۆت لەبیری ژیان بەریتەوە بەهۆی مادە بێهۆشکەرەکان

...........................